



# کوردبوونی کەرکووک لە ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لووتکەدا

سەدیق سەعید ڕواندزی
(ڕواندز)

دەشێ فەرهەنگ و کولتوور، بەدەر لە شوناسە سیاسییەکە، ئاماژەیەکی هەرە دیاری دەرخستنی شوناسی نەتەوەیی جیاواز بن، کولتووری هەر نەتەوەیەک، تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی جیاکەرەوەیە کە لە پاڵ شوناسی سیاسی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دی جیا دەکاتەوە و ناسنامەیەکی دیکەی نەتەوەیی پێ دەدات. بەو مانایەی نەتەوە هەر تەنیا لەو ئەو خاک و نیشتمانە بەرجەستە نابێت کە لەو چوارچێوەیەدا گوزارشت لە هەبوونی نەتەوە دەکات، بە تایبەتیش ئەگەر نەتەوە ژێردەستە و چەوساوە و خاک داگیرکراوبێت، بەڵکوو لێرەدا کولتووری جیاوازی نەتەوە دەکرێتە ئاماژەیەکی دیکەی هەبوونی نەتەوە و جیاکردنەوەی لە نەتەوەی سەردەست. بۆ نموونە حەیران تەنیا لەنێو کورددا هەیە و هیچ نەتەوەیەک نییە ئەو هونەرەی هەبێت، بەمەش حەیران، ڕوویەکی دیکەی دەرخستنی نەتەوەیە، لێرەوەش ئەو ڕەهەندە کولتوورییانە، دەلالەت لەو جیاواز کەوتنەوەیە دەکەن.

لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرە و لووتکە)دا لەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەوە نەبووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بنەما جیاوازەکانی نەتەوە لە ڕووی سیاسی و خاک و نیشتمانەوە دەربخرێن، بەو پێیەی ئەو ڕۆمانە، لە ڕۆژگاری ژێردەستەیی و چەوسانەوەی ستەمی فاشییانەی بەعس نووسراوە، ئیدی ڕۆماننووس ئەو بنەما کولتووریانەی کورد لە شاری کەرکووک، دەکاتە گوتارێک بۆ دەرخستنی کورد و جیاواز کەوتنەوەی لە نەتەوەکانی دیکە. ئەم ڕۆمانە، کارکردنێکی وردی سمبۆلیانەیە، لەسەر ناسنامەی کوردیبوونی کەرکووک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و تێیدا مێژووی ئەو شارە و کوردیش وەک نەتەوەیەک پیشان دەدات، ئەمەش

لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو کولتوورە جیاوازەی کورد لە عەرەب و تورکمان لەو شارەدا جیا دەکاتەوە، بە تایبەتیش لە میانەی زمان و گێڕانەوەی مێژوو کە لە پەراوێزییەوە ئەو تایبەتمەندییانە دەخرێنە ڕوو.

دەسپێکی ئەم ڕۆمانە، بە نیشاندانی هەڵۆی سپی کە بەسەر ئەو شارەوە دەفڕێت و پارێزگاری لێ دەکات دەست پێ دەکات، هەڵبەتە هەڵۆ دەلالەتێکی سیاسی و نەتەوەیی قووڵی لەلای کورد هەیە و هەمیشە ئایکۆنێکە بۆ سەربەستی و بەهێزی و ڕامنەکردن و بەرز فڕین، بەمەش ڕۆماننووس ناڕاستەوخۆ، هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەیدا، ئەو پەیامە شاراوەیە، دەداتە دەسەڵاتی سیاسی کە هەر هەوڵێک بۆ بەعەرەبکردن و داماڵینی ئەو شارە لەکوردبوون بێ هوودەیە، چونکە هەڵۆیەک بەردەوام بەسەر ئاسمانی شارەوەیە، دواتر لەڕێگەی نیشاندانی گەڕەکێکی کوردی ئەو شارەو دانیشتووانی گەڕەکەکە، پێوەندی مێژوویی نێوان شارەکە و کورد و کەرکووکیش وەک شارێکی کوردستانی نیشان دەدات، بۆیە شوێنی ڕووداوەکان، کۆی کارەکتەرەکان، سەر بەو شوێن و گەڕەکانەن کە کوردنشینن ، ئەوێ دەکرێتە چەقی ڕووداوەکان. تۆفیقی قالە هەرزانی، کە کارەکتەرێکی دیاری ڕۆمانەکەیە، لەگەڵ پوور ئایشی دایکی و خاتی خێزانی و منداڵەکانی، لە ڕێگەی گەڕانەوەی مێژوویی بۆ ئەو شارە و دەرخستنی هەموو ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و میللی و نەتەوەییانەی کورد لەو شارەدا هەیەتی، دەیەوێت کوردستانیبوونی کەرکووکمان بۆ دووپات بکاتەوە، بە تایبەتیش بەهۆی باسکردنی نەریتەکانی ژن هێنان و کشتوکاڵکردن و ڕەشبەڵەک و میواندۆستی و چەندان بەهای دیکەی کۆمەڵایەتی جیاواز، بەمەش کولتووری نەتەوە بە هەموو توخمەکانییەوە دەبێتە بنەمایەکی بەرگرییانە بۆ ناساندنی ئەویتری جیاواز.

ئەم ڕۆمانە لە چەندان کارەکتەری جیاواز لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و هزری پێکهاتووە، بەڵام دواجار هەموویان کوردن و بە زمانی ڕەسەنی کوردی دەدوێن و لەو گەڕەکە کوردنشینەی تێیدا دەژین، کۆی خاک و نیشتمان لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەکەن و وەک گوتارێک کوردبوونی خۆیان و شارەکەیان بەرز دەکەنەوە، کە ئاماژەیەکە بۆ کوردستانیبوونی کەرکووک بە درێژایی مێژوو. بێگومان خێزانی تۆفیق قالە هەرزانی و خاتەی خێزانی و پوور ئایشی دایکی، وەک یەکێک لە خێزانە کوردنشینەکانی خاسە، دەبنە گێڕەرەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی ڕوویانداوە و لەپەراوێزی دیالۆگ و گفتوگۆکانیانەوە، ئەو ڕەهەندە کولتوورییە دەردەخەن. پوور ئایشی دایکی تۆفیق، وەک بگێڕەوەیەکی هەمووشتزان بەسەر چەندان ڕووداوەوە، دەگەڕێتەوە سەردەمانی زوو، ئیدی هەموو ئەو نەریت و بۆنە و تایبەتمەندییانەی کورد لە شێوەی نەریتەکانی بووک گواستنەوە، کاری هەرەوەزی، کشتوکاڵکردن و سەیران و سەردانی بەهاران و باسکردن لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

ئەگەرچی ڕۆمانەکە باس لە ساڵانی چل و پەنجاکانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم زەمەن و شوێنە، وەک واقیعێکی مێژوویی جیاواز نیشان دراون، دەنا ڕووداوەکانی پەیوەستن بە سەردەمی بەعس و ئەو تەعریبەی ڕژێمی بەعس لە ساڵانی هەشتاکاندا پەیڕەوی دەکرد، بۆ ئەوەی ناسنامەی کوردیبوونی ئەم شارە بسڕێتەوە. گەڕانەوە بۆ سەر جەژنی نەورۆز، کاتێ پوور ئایش بۆ تۆفیقی کوڕی باسی دەکات، ئەمە

هەر تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو نیشاندانی جەژنی نەتەوەیی کوردە کە تایبەتە بە کورد و ئیدی لە ڕێگەی باسکردن لەو جەژنە نەتەوەییە، خێزانی تۆفیق وەک خێزانێکی کورد، بوونی مێژوویییانەی خۆیان لەو شارە ڕاستەقینەی خۆیان دەسەلمێنن. کاتێ سەرنج لە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانیش دەدەین، ئیدی ئەو جەخت کردنەوەیە لەکوردبوون لەم شارەدا، قووڵتر بەرجەستە دەبێت. بۆنموونە: کاتێ ماڵی تۆفیق، لە بەری خاسە دەگوازنەوە ڕەحیماوە، وەک ئاماژەکردنێک بۆ بەعەرەبکردنی ئەو گەڕەکە، تۆفیق دەڵێت: (هەر ژوورێکی ڕەحیماوە، مێوانێکی گرتۆتە دەست، ئەگەر لە ژوورەکەی ئێمە دە مشک هەبن، ئەوە لە هەر ژوورێکی ڕەحیماوە مشکەکان دەبنە هەزار، ئەگەر وا بڕوات و لە ناویان نەبەین، بە ڕۆژی نیوەڕۆ چاومان دەکۆڵن. ل ۱۷۳) لێرەدا، مشک وەک بوونەوەرێکی مەترسیدار ، کە ئایکۆنە بۆ سپای دەسەڵاتدار نیشان دراوە.

کە پرۆسەی تەعریب بەردەوام دەبێت، مشکەکان زیاد دەکەن و ئیدی بوارێک بۆ مانەوەی تۆفیق و خێزانەکەی و هاونشینانی گەڕەکی ڕەحیماوە نامێنێتەوە، بۆیە دەبێ لە ناویان بەرن، بەڵام پرسیار ئەوەیە، چۆن لە نێو دەبرێن؟ لە کاتێکدا ئەوان هەر چوار دەوریان بە هەزاران مشک تەنراوە؟ بێگومان ئەمە لە ڕێگەی نیشاندانی هەموو ئەو جیاوازکەوتنەوە نەتەوەییانەوە دەبێت کە تۆفیق لەوان جیا دەکاتەوە. لەو سۆنگەیەشەوە کاتێ کارەکتەرەکانی وەک : (تۆفیق، پوور ئایش، خاتە، سالار ، نەوزاد، شێرکۆ، عەلی گورگە، حەمەشین) هەموو کەسایەتییەکانی دیکەش، تەنیا بە کوردی دەدوێن، ئیدی لێرەدا زمان دەبێتە فاکتی بەرگریی و مانەوە لە ئاست ئەو مشکانەدا، یان کاتێ باس لە گوندەکان دەکرێت، هەریەک لە تۆفیق و خاتە و سالار و نەوزاد، باس لەو تایبەتمەندییانەی کورد دەکەن، کە گفتوگۆ دەکەن و دەڵێن: (لە کوردەواریدا، سەوزە و دانەوێڵە و گیانداران هەریەکەیان ناوبانگی خۆیان هەیە، من دەیزانم دووپشکی عەرەبەت بە ناوبانگە، نەوزاد: سەگی هاوشار، خاتە: نیسکی مۆریاس، دایکم: تۆکی گەورە دێ ، پوور ئایش: برنجی بازیان، برنجی تۆمار، هەناری شارەبان، ڕێوی قەمچوغە و قوڕی پاپیلان)، بێگومان هەموو ئەو توخمە سروشتی و خاکی و پێکهێنەرانە، کوردین و لە کوردستان هەن، بۆیە نیشاندانیان وەک جیاواز کەوتنەوەیەک دێت، لە بەرانبەر کولتوور و ڕەهەندی جوگرافی نەتەوەی سەردەست کە عەرەبە.

هەڵبەتە کە نەتەوە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی سڕینەوە و نەمان، ئیدی کۆی ڕەهەندەکانی نەتەوە لە نێویشیاندا کولتوور و فەرهەنگ، دەبنە سیمایەکی دیاری بەرگرییانە، ئەمیش لە ڕێگەی دەرخستن و جیاواز کەوتنەوەیان، بۆیە باسکردن لەو هەبووە کوردییانە، تەنانەت بە دووپشکی عەرەبەتیشەوە، دەلالەتی بەرگری و مانەوە دەگەیەنن. کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، چونکە بە ناسنامە کوردن و لە شارێکیش دەژین کە بە ئێستاشەوە لە بەردەم مەترسی سڕینەوەدایە، ئیدی دەبێ پارێزگاری لە شوناسی کوردبوونی خۆیان بکەن و لە ڕێگەی زمانی نەتەوەییانەوە، کوردبوونی خۆیان بسەلمێنن، لێرەوەش ئەگەر سەرنج لە زمانی کارەکتەرەکان بدەین، دەبینین هەموویان بە شارەزایی و کوردییەکی ڕەسەن و پەتی دەدوێن، چونکە زمان بە مانای بوون دێت.

له گفتوگۆی نێوان خاته و سالاردا له بارەی قەڵای کەرکووکەوە، خاتە دەڵێت: (ئای چەند پیس و پۆخڵە، بە تایبەت کۆڵانە تەنگەکانی، خۆزگە لە بناغەوە هەڵیاندەتەکان، سالار: چۆن دڵت دێ، قەڵایەکی دێرینە و تاوانە لای بەرن؟ سالار بیستوومە دەڵێن لەو کوێستانانەدا، شێر و پڵنگ هەیە؟ ل ١٣٦) لێرەدا، جیاوازکەوتنەوەیەکی ڕوونی خاک، وەک ڕەگەزێکی دیکەی پێکهاتی نەتەوە دەردەکەوێت، چونکە ڕوونە کوێستانەکان تەنیا لەو شوێنانەدا بوونیان هەیە، کە ئاووهەوایەکی سارد و کانیاو و سروشت و ژینگەیەکی شاخاوی و دارستانیان لێیە، بەمەش ئەم شوێنە تەنیا لە کوردستان هەیە، جیا لەوەی لە خوارووی عێراق هەیە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، شێر و پڵنگ، دوو گیانەوەری کوێستانین و نیشانەی هێز و نەبەزینن، کە ئەمەش بە بڕوای من ئاماژەدانێکی ناڕاستەوخۆی پێشمەرگەیە. هەر لە بەردەوامی ئەو دیالۆگانەدا، کاتێ سالار و شێرکۆ بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن، سالار بە شێرکۆ و فەقێ ڕەسووڵ دەڵێت: (کێ هەیە، زێدی خۆی فەرامۆش بکات؟ ئەم وەرزێرانەی کە بە بەرچاوتەوەن، بە هیچ کلۆجێک شەخەڵێکی ناوجەنگەڵ و بزنەڕێی قەدپاڵی ئەو کێوانە بە سەرپاکی شارێکی بیانی ناگۆڕنەوە . ل ٣٠٧) دیسانەوە لێرەش ناڕاستەوخۆ خاک وەک ناسنامەی بوونی نەتەوە دەرخراوە، چونکە بزنەڕێ و جەنگەڵ و کێو، لە ڕووی جوگرافییەوە تەنیا لە کوردستان هەن، یان کاتێ خاتێ باسی فڕین دەکات، بە تۆفیقی هاوسەری دەڵێت: (ئای فڕین چەند خۆشە، هەڵفڕین بەرەو هەڵەمووتە هەرە بەرزەکان. ل ١٩٤) هەڵبەتە فڕین، دەلالەت لە ئازادی و سەربەستی و شکاندنی هەموو تەوقێک دەکات.

لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا، فڕین میتافۆرێکە بۆ دەرچوون لە ژێردەستەیی و چەوسانەوە بە تایبەتیش لە ڕۆژگاری سەردەمی ڕژێمی فاشیدا، بۆیە کاتێ خاتێ، کە ژنێکی نەخوێندەواری ماڵە و بە کارەکەی لە بەڕێوەبردنی ژیان هاوکاری هاوسەرەکەی دەکات، ئەوە مانای وانییە کە خاتێ وەک کوردێک درک بە ژێردەستەیی خۆی ناکات، بۆیە ئارەزووی فڕین لای خاتێ، ئارەزووییەکە وابەستە بە ئازادییەوە. خاتێ قووڵتر لەو ژێردەستەیە دەگات و ئەم جارەیان بە تۆفیق دەڵێت: (هەر چۆنی بێت، ژیانی ئاژەڵ و باڵدار لە ژیانی ئێمە بێ ئەرکتر و ساکارترە، ئەوانە بانگەوازی سروشت بە جێ دێنن و ئێمە بڕێ یاسا و دۆزی دەستکرد، پا و پلمانی گرێ داوە. ل ٢٣٩)، بەمەش خاتێ ڕوونتر ئەو پەیامە نادیارە دەگەیەنێت کە پێشتر ناڕاستەوخۆ لە فڕیندا بەرجەستەی کردووە، چونکە وەک وتمان هەموو فڕینێک، شکاندنی کۆتێکە و کاتێ خاتێش خەون بە فڕینەوە دەبینێت، دیارە دەزانێت یاسا و دۆزی دەستکرد ئەویان گرێ داوەو لە ژیانێکدا دەژیت، ناخۆشتر لە ژیانی ئاژەڵان. بێگومان (لە ناسنامەی فەرهەنگیدا، هەموو کردەیەک لە بەرانبەر فەرهەنگی سەردەستدا کردەیەکی بەرەنگاریانەیە) (٢)، لەو ڕۆمانەشدا کردەی بەرەنگاریانە لە شێوەی سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی دەرناکەوێت، بەڵکوو کولتوور و فەرهەنگی کوردانە، دەکرێنە ئامرازێک بۆ جیاواز کەوتنەوەی نەتەوەیی، تا لەو ڕێگەیەوە جەخت لە هەبوونی خود بە مانا گشتییەکەی بکرێتەوە.

خودی کوردی لەو ڕۆمانەدا، لە ڕێگەی تۆفیق و خێزانەکەی و کۆی کارەکتەرەکانی دیکەش بوونی خۆی دەسەلمێنێت و ئەو شوناسە

کولتوورییەی هەیانە، ئەوان لە نەتەوەی سەردەست و چەوسێنەر جیا دەکەنەوە، واتە کاتێ بەرەنگاریی سیاسییانە، ئامرازەکانی تێکۆشان، لە سۆنگەی ستەمی فاشییانەی ڕژێم، ناتوانن پارێزگاری لە نەتەوە بکەن، ئیدی شوناسی کولتووری جێگەی شوناسی سیاسی دەگرێتەوە، چونکە ( شوناسی کولتووری، بریتییە لە جەختکردنەوە لە خود. لێرەدا ناسنامە، یان شوناس، کلیلێکە بۆ چوونە نێو جیهانە تایبەتییەکەی تاکەکەس و دیاریکردنی پابەندییەکانی نەتەوەیی (٣)، کاری ئەم شوناسەش (بریتییە لە پاراستنی خودی تاک و خودی جەماعی لە مەترسییەکانی توانەوە) (٤). لەو ڕۆمانەشدا، فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە دەکرێنە ئامرازی نیشاندان و داکۆکیکردن لە کوردبوونی کەرکووک، بێ ئەوەی ڕۆماننووس ئەو هەموو ترس و تۆقین و گوشارەی لەبەرچاو بێت، یان بەهەندی وەربگرێت کە لەو ڕۆژگارەدا تێیدا ژیاوە.

ئەگەرچی ڕۆمانەکە لە ڕووی ڕووداوەوە باس لە ساڵانی چل و پەنجاکان دەکات، بەڵام ئەم ڕۆژگار و مێژووە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، باسکردنە لە کەرکووکی سەردەمی تەعریب. دواجار دەڵێم ئەوانەی بڕوایان وایە کورد ڕۆمان و ڕۆماننوسی نییە، با بچن جارێکی دیکە ئەو ڕۆمانە بخوێننەوە، کە هیچی لە ڕۆمانە جیهانییەکان کەمتر نییە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- هەڵکشان بەرەو لووتکە، عەبدوڵا سەراج، ڕۆمان، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای فام، چاپی دووەم، ساڵی چاپ - ٢٠٢٥.

٢- نوستالۆژیای داگیرکراوان، مەسعود بابایی، بڵاوکراوەی دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی چاپ - ٢٠٢٤ ، ل ٥٢.

٣- ڕەخنەی ڕۆشنبیری، نەوزاد ئەسوەد، بڵاوکراوەی ڕوانگە، ساڵی چاپ - ٢٠٢٥، ل ١٨١.

٤- ڕەخنەی ڕۆشنبیری، نەوزاد ئەسوەد، بڵاوکراوەی ڕوانگە، ساڵی چاپ - ٢٠٢٥، ل ١٨١.